# پڕۆژەی حەزە وردیلەییەکان ....22



## ئافرەت و مارسیدیس

### جەزا چنگیانی

کەس نازانی ڕۆحی موسیقا و ڕۆحی مرۆڤ چ پەیوەندیەکیان پێکەوە هەیە ... لە بتهۆڤن زیاتر ...هێندە دەنگی موسیقای دیسکۆکە بە چۆش بوو . کەسێك نەبوو جڵەوی جوڵەی جەستەی خۆی ڕابگرێت . لە ئافرەتە داماوە ناشیرینەکان زیاتر . ئافرەتە شۆخەکان نەك جارێ چەندەها جار شاباشی تکای خوولێ سەمایان لە لایەن پیاوە سەلاّتەکانەوە پێشکەش دەکرا .

ئافرەتە ناشیرینەکانیش وەك تۆپەڵە هەنگی ماندوو کونجە تاریکەکانی دیسکۆکەیان



کردبوو بە شانەی داماوییان بەشەرمەوە دەیانڕوانیە جەستە لەیەك ئالاّوەکانی نێو دیسکۆکە . نیگایان خەڵتانی ئیرەیی وچاویان پڕ لە حەز و لێوە تینوەکانیان تینوێتی مژینی ئاوی ڕێواسی ناوگەڵی پیاوانی لێدەتکا..دیاربوو ئاوی تکاوی بەرمووسەلاّنیان تا قولەپیانی تەڕکردبوو... کە

**ئەم دیمەنەم بینی تێگەیشتم لەم زەمەنەدا ئافرەت بۆتە مارسیدیس تا مۆدیلی نوێ بێ بازاڕی گەرمە . تەنیا شێوە ڕۆڵ دەبینی نەك ناوەڕۆك .**

**سان پیترسبۆرگ** ...29/07/2005

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de